# ئاوارەیی

## ئەحمەد دەشتی

مرۆ لە خـــاکی زێـــدی دوور کەوێ
بێ بەهـــــرە لەژین دڵی ناســـرەوێ

نامۆیی ژیـــــان مەرگی شـــــادیە
بێـــــگانەیی بــــوون نامـــرادیە

بەردلەجێگەی خۆی خاوەنی سەنگە
گۆزە کە بشــکی بێ دەنگ و ڕەنگە

هەر لەو ســـــاتەوە کەم ن ئاوارەم
پـــــڕ زام دەردە دڵ پـــارەپارەم

ئەم دیوە ســــاتێ ئۆخەی لە ژیانم
ئـــــارام ببــێتن دەمێ گــــریانم

بەڵام چی بکـــەم بەختی دوونی من
کەوتە غـــــــوربەتی پـڕ گرینی من

لە یارو دۆســــــت و کەسانم دوورم
ئای ژیان سەخت و دڵ بێ سەبوورم

ســـــــاتێکم نیە بێ چـــاوەڕوانی
شـــــاد بم بە واری پڕ کامەرانی

پێم وایە ژیان هــــــەر لە نــاو وارە
ســـەربەرزی لە گەل کەسان و یارە

ئای کە شــــیرینە هەواری ڕەنگین
کە سەربەخۆ بێ و هەتوان بێ برین

تاراوگە مەرگی ژیـــــــان دەهێنێ
ئارامی و شـــادی لە دڵت دەردێنێ

خۆزگەم بەو کەســـــەی غەوارە نیە
خـــــەم و ئـــــازاری دووری لا نیە